# گفتوگۆی نێوان عەبدوڵای کوڕی عەباس و خەواریجەکان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

## ڕەنج شێخانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوار ابن عباس رضي الله عنهما مع الخوارج

« باللغة الكردية »

رنج شيخاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# گفتوگۆی نێوان عەبدوڵای کوڕی عەباس و خەواریجەکان

پاش سوپاس وستایشی بێ پایانم بۆ خوای تاك وپاك وبێ هاوتا وخاوەنی بوونەوەر درودوو سڵاوی خوا لەسەر پێغەمبەری خۆشەویستمان محمد (صلی الله علیه وسلم) و یارو یاوەرانی بێت تا ڕۆژی دوایی لە پاشان دا:

لەووتاری پێشوماندا گەشتینە سەر ئەوەی کە بڵێین : جا لەگەڵ مندا بیر لەو گفتوگۆ شیرینە بکەرەوە کە لەنێوان عەبدوڵای کوڕی عەباس و سەرکردەی خەواریجەکان دا ڕوویدا لەڕێگای ئەم دوو ڕیوایەتەوە:

**ڕیوایەتی یەکەم:**

لە عبیداللە ی کووڕی عیاضی کوڕی عمرو القاری یەوە ڕیوایەت کراوە و دەفەرمووێت: عبداللەی کوڕی شداد هات و چووە ژوورەوە بۆ لای دایکە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) لە کاتێکدا

ئێمەش لە لای ئەو دانیشتبووین، عبداللە لە عێراقەوە گەڕابووەوە، لە پاش چەند شەوێك لە شەهید کردنی ئیمامی علی (خوای لێ ڕازی بێت) ، دایکە عائیشە (خوای لێ رازی بێت) پێی فەرموو: ئەی عبداللەی کوڕی شەداد ئایا تۆ لەگەڵ مندا ڕاست دەکەیت هەر پرسیارێکت لێبکەم؟ دەربارەی ئەو کۆمەڵە بۆم بدوێ کەوا علی (خوای لێ رازی بێت) لە گەڵیاندا دەجەنگا، ووتی: ئایا چی شتێك وام لێ دەکات کە ڕاستت لەگەڵدا نەکەم؟ ئەویش فەرمووی: فەرموو باسی چیرۆکەکەی ئەوانم بۆ بکە.

ووتی: کاتێك کە ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) نوسراوێکی نوسی بۆ ئیمامی معاویە (خوای لێ رازی بێت) وە دوو کەسی بە دادوەر دانا، هەشت هەزار قورئان خوێن لەنێو خەڵکی یەوە دەرچوون، بۆیە لەجێگایەك جێگیر بوون کە پێی دەڵێن (حروراء) لە نزیك شاری کوفەیە، ئەوانیش گلەیی و

گازەندەیان لێ کردوو ووتیان : کراسێك خوای گەورە لەبەری کردبووی خۆت بەدەستی خۆت لەبەر خۆتت داکەند، ناوێك کەوا خوای گەورە ناوی لێ نابووی خۆت سڕیتەوە، ئەمجار چویت کەسانێکت کردە دادوەر لە دینی خوادا، ئێمەش دەزانین کە هیچ حوکمێك جگە لەحوکمی خوا نیە، کاتێك کە ئەو گلەیی و گازەندانە گەشتە ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) کە لەو پێناوەدا لێی جیا بوونەتەوە فەرمانی کردە بانگدەرێك ئەویش بانگی دا: فەرمووی کەوا نابێت هیچ کەس بچێتە ژوورەوە بۆ لای ئەمیری باوەڕداران ئیللا هەڵگرانی قورئان نەبێت، کاتێك ماڵەکە پڕبوو لەقورئان خوێنان، ئەمجا داوای قورئانی کردوو لەبەردەستی خۆیدا داینا، پاشان بەدەستەکانی دەیدا لەقورئانەکەو دەیفەرموو : ئەی قورئانەکە، بۆ خەڵکەکە قسە بکە، بۆیە خەڵکی بانگیان لێکرد و ووتیان: ئەی ئەمیری باوەڕداران، پرسیاری چی لێدەکەیت لە کاتێکدا ئەو تەنها

مەرەکەبە لەسەر کاغەز؟ ئێمەش ئەوە دەڵێین کە لە ئەوەوە ڕیوایەتمان کردووە، چیت دەوێ؟ فەرمووی: هاوەڵانتان، ئەوانەی کە دەرچوونە لە نێوان من و ئەواندا باقورئان حوکم بکات.

خوای گەورە لە کتێبەکەیدا دەربارەی پیاو و ژنێك دەفەرموویت: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴾ [النساء/٣٥] .

واتە: خۆئەگەر ترستان لە پشێوی و ناکۆکی ژن و مێرد هەبوو، دەتانزانی پێکەوە هەڵناکەن جا کەسێکی دادوەر لەخزم وبنەماڵەی مێردەکەو، دادوەرێکیش لەخزم وکەس وکاری ژنەکە بنێرن بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانیان و، ئەوسا دانانی چارەسەرێك بە هەرجۆرێك کەئەوان بەچاکیان دەزانی ئەگەر هەردووك

رازى بوون پێك بێنەوەو نیەتیان پاك بوو ئەوا خواش یەكیان ئەخات وپێكیان دێنێتەوە وپیرۆزی ئەخاتە كارەكانیانەوە.

جا بزانن كەوا حورمەتی خوێنی ئوممەتی موحەمەد (صلى الله عليه وسلم) مەزنترو گەورەترە لە پیاو و ژنێك .

ئەوان خەشم و قینیان لێ هەڵگرتم چونكە من نوسراوێكم نارد بۆ معاویە (خوای لێ رازی بێت) كە نوسی بووی تییایدا: علی كوڕی ئەبو طالیب واتە نەی نوسی ئەمیری باوەڕداران، بۆیە فەرمووی: بزانن كاتێك سوهەیلی كوڕی عەمر لە ڕۆژی (الحديبية) دا هات و ئێمەش لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) بووین بۆ ئەوەی لەگەڵ قوڕەیشدا ڕێك بكەون، جا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمانیدا بنوسن : (بسم الله الرحمن الرحيم) كەچی سوهەیل ووتی: مەنوسن (بسم الله الرحمن الرحيم)، ئەویش فەرمووی: ئەی چی بنوسین؟

ووتی: بنوسن: (باسمك اللهم)، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ئەمجا بنوسە : (محمد رسول الله)، سوهەیل ووتی: ئەگەر بە پێغەمبەرت بزانم سەرپێچیم نەدەکردی ولەگەڵ تۆدا جیاواز نەدەبووم، ئەویش فەرمانیدا بنوسن: ئەمە ئەو ڕێکەوتن نامەیە کە ( محمدی کوڕی عبدالله) و (قورەیش) لەسەری ڕێکەوتن، خوای گەورە لەقورئانەکەیدا دەفەرمووێت:

﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴾ [الأحزاب/٢١] .

واتە: بەڕاستی پێغەمبەری خوا چاکترین نموونەی ڕێك وپێکی وسەرمەشقە بۆتان، دەسا ئێوەش لەدڵسۆزیی وسیاسەتی وجیهادیی وئارامیی و تەقوایی وتەواوی بوارەکانی ژیاندا چاوی لێبکەن وبەدوایدا بچن بەتایبەتی بۆ ئەوکەسە، کە بە تەمای خواو ڕۆژی دواییە.

بۆیە ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) عبداللەی کوڕی عباس(خوایان لێ رازی بێت) ی بۆ ڕەوانە کردن ومنیش لەگەڵیدا چووم، تاکو گەیشتینە ناوەڕاستی سەربازگەکەیان ، (إبن الكواء) دەستی بە ووتار خوێندنەوە کردوو بۆ خەڵکەکە دووا و ووتی: ئەی هەڵگرانی قورئان: ئەمە عبداللەی کوڕی عەباسە جا هەرکەسێ نایناسێت ئەوا من لەڕێگای قورئانەوە دەیناسم ، ئەمە ئەو کەسەیە کە خوای گەورە لە حەقی ئەو و قەومەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴾[الزخرف/٥٨] .

واتە: بەڵکو ئەوان هۆزێکن هەر دەمبازی دەکەن.

بۆیە بیگەڕێننەوە بۆ لای هاوڕێکەی و مەیکەنە تەرازوو بەسەر کتێبی خوادا، بۆیە چەند ووتار خوێنێکی تر هەستان و ووتیان: سوێند بەخوا دەبێت بیکەینە تەرازویەك بەسەر کتێبەکەی خوداوە، جا ئەگەر حەقی پێ بوو ئەوا دەیناسینەوە وە شوێنی

دەکەوین و وە ئەگەر ناحەق و ناڕەوایی پێ بوو ئەوا بە ناڕەوایی یەکەی خۆی ڕەدی دەکەینەوە، ئەمجار سێ ڕۆژ بەپێی کتێبەکەی خوا لەگەڵیاندا دووا بۆیە چوار هەزار کەسیان لێ گەڕایەوەو تەوبەیان کرد،کە (إبن الكواء) یان تێدا بوو تاکو ڕۆیشتنە خزمەتی ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت)، ئەمجا ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) هەواڵی بۆ ئەوانی تر نارد وفەرمووی: کارو مەسەلەکەی ئێمەو خەڵکی گەیشتە ئەوەی کە دەیبینن، بۆیە چی تر بووەستن تاکو ئوممەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) یەك دەگرن ئەو بەڵێنەی لە نێوان ئێمەو ئێوە ئەوە بێت کە خوێن نەڕێژین و ڕێگە نەبڕن و ستەم لەئەهلی (ذمة) نەکەن، ئەگەر واتان کرد ئەوا لەگەڵتاندا ناجەنگین ، خوداش ناپاکی خۆش ناوێت وە بێ لەم ڕیوایەتە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە ئیمامی (عەلی خوای لێ رازیبێت) جوابی بۆناردن و پێی فەرموون: (ئێوە بەڕێی خۆتان

وئێمەش بەڕێی خۆمان، بەمەرجێك خوێنی کەس بەناحەق نەڕێژن وڕێگەی کەس نەگرن وزوڵمیش لەکەس نەکەن، وئێمەش ڕێگەی ماڵی خواتان لی ناگرین وشەڕیشتان لەگەڵ ناکەین تا ئێوە شەڕمان لەگەڵ نەکەن) [البدایه والنهایه(٧ / ٢٨١)] .

وە پاشان دایکە عائیشە (خوای لێ رازی بێت) پێی ووت : ئەی کوڕی شەداد، جا علی (خوای لێ رازی بێت) ئەوانی کووشت؟ ووتی: سوێند بەخوا نەچووە سەریان تاکو ئەوان خوێنیان ڕشت وڕێگەیان بڕی (ڕێگیرییان کرد) وە (ئەهلی ذمة) یان بە حەڵاڵ زانی، دایکە عائیشە ووتی: بڵێ سوێند بەخوا، ووتی: سوێند بەو خوایەی کە جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە بەو شێوەیە بوو، دایکە عائیشە (خوای لێ رازی بێت) ووتی: ئەی ئەوە چی یە کە لە (ئەهلی ذمة)ـەوە پێم گەشتووە و دەڵێن :(ذو الثدي)؟ من بینیم لەناو کوژراوەکاندا بوو، لەگەڵ ئیمامی علی (خوای لێ

رازی بێت) چوینە سەری ، ئەویش بانگی خەڵکی کرد، ئایا ئەمە دەناسن؟ خەڵکی زۆر هاتن و دەیان ووت: لە مزگەوتی (بەنی فلان) دەمبینی نوێژی دەکرد، هیچ کەس جگە لەو قسانە زیاتری نەدە ووت، دایکە عائیشە (خوای لێ رازی بێت) ووتی: ئایا گووفتاری علی (خوای لێ رازی بێت) چی بوو کاتێك لەسەری ڕاوەستا هەروەکو ئەهلی عێراق دەیڵێن، ووتی: گوێم لێ بوو دەیووت : خواو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) ڕاستیان فەرموو، دایکە عائیشە فەرمووی: ئایا جگە لەوە هیچ شتێکی ترت لە ئەوەوە بیست؟ ووتی: نەخێر.. خوا ئاگادارە، دایکە عائیشە (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: بەڵێ خواو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) ڕاستیان فەرموو، ڕەحمەتی خوا لەعەلی (خوای لێ رازیبێت) لەقسەکانی ئەو ئەوە بوو هەرکاتێك شتێکی ببینیایە وپێی سەیر بوایە ئەوا دەیفەرموو خواو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم)

ڕاستییان فەرموو، ئەمجا ئەهلی عێراق بەدەم ئیمامی عەلی یەوە (خوای لێ رازی بێت) درۆیان کردو شتی زیادەیان بۆ هەڵبەست [اخرجه أحمد، وأبو يعلى، وإبن عساكر، وقال هيثمى فى المجمع، روا يعلى ورجاله ثقات، وإسناده حسن، كما قال الشيخ شعيب فى المسند.

**ڕیوایەتی دووەم:**

ئیمامی النسائى لەکتێبی (الخصائص) أخرجه النسائى فى الخصائص(١٨٥) وهو فى السنن الكبرى (٥ / ١٦٥ / ١٦٧) وسنده حسن.

ڕیوایەتی کردووە لە عبداللەی کوڕی عباس (خوایان لێ رازی بێت) کە فەرموویەتی : کاتێك گرۆهی (الحروريه) دەرکەوتن خۆیان گۆشە گیر کرد ولەماڵەکانیاندا دانیشتن، ژمارەیان

شەش هەزارکەس دەبوو، بە پێشەوای علی کوڕی ئەبو طالیبم ووت (خوای لێ رازی بێت) : ئەی ئەمیری باوەڕداران...

کەمێك نوێژەکە دوابخە، بەڵکو لەگەڵ ئەوگرۆهەدا قسەبکەم، ووتی: من لەژیانت دەترسم، ووتم: نەخێر، فەرمووی ئەمجا خۆم لەبەرکردوو بەپێ ڕۆیشتم بۆلایان لەکاتی (قەیلولە) دابوو ئەوان پشوییان دەدا وەمنیش سڵاوم لەوانکرد.

ئەوانیش ووتیان: سڵاوت لێ بێت ئەی إبن عباس، چی شتێك تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟منیش بەئەوانم ووت: من لەلایەن هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە (صلی اللە علیە وسلم) هاتووم لەپشتیوانان وکۆچەران وکووڕی مام وزاوای پێغەمبەری خواوە (صلی الـەعلیە وسلم)، کەقورئان بەسەر ئەواندا دابەزی وئەوانیش لەئێوە شارەزاترن لە (وەحی)، من هاتووم تاقسەی ئەوانتان پێ رابگەیەنم، کەئەوان هەواڵ پێدراون لەوشتانەی کەدەیڵێن،

کۆمەڵێکیان بەرەولای من جیابوونەوە، ووتم: پێم بڵێن چی شتێك وای لێکردن بەو شێوەیە خەشم وقین لەهاوەڵانی پێغەمبەری خواو (صلى الله عليه وسلم) کووڕی مامی بگرن؟

ووتیان: لەبەرسێ شت.

ووتم : ئەوسێ شتە چین؟

ووتیان: یەکێکیان ئەوەیە، ئەو (واتە : علی) لەفەرمانی خوادا حوکمیدا بە دەست پیاوانەوە کەچی خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾ [الأنعام/٥٧].

واتە: چونکە هەموو حوکم وبڕیارێك هەرهی خوایە وە هەموو شتێک هەر بەدەستی ئەوە.

ئیتر پیاوان چییان داوە لەحوکم ! ووتم : ئەمەیەك.

ووتیان: دووەمیان ئەوەیە، ئەو (واتە : علی) کووشتاری کرد کەچی لەوانی بەدیل نەبرد وئافرەتی نەکردە جارییە سامانەکەیانی بەغەنیمە ودەسکەوت نەبرد، جا ئەگەر ئەوان بێباوەڕن ئەوا بەجارییەکردنی ئافرەتەکانییان درووستەو وەئەگەرئەوان باوەڕدارن ئەوا بەجارییەکردن وکووشتارییان درووست نییە.

ووتم: ئەمە دوو ئایا سێیەمیان چییە؟

ووتییان: ئەو ناوی خۆی لە (ئەمیری باوەڕداران) سڕییەوە کەوابوو ئەو (ئەمیری بێباوەڕانە).

ووتم : ئایا جگە لەمانە هیچی ترتان پێیە؟

ووتیان : نەخێر... ئەمانەمان بەسە.

ووتم : ئایا ئەگەر چەند ئایەتێکی قورئان وچەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوام بەسەرتاندا خوێندەوە کەوەڵامی قسەکانتان بێت ئایا ڕازی دەبن- دەگەڕێنەوە -؟.

ووتیان: بەڵێ ، ووتم: ئەو قسەیەتان کەباسی حوکمی پیاوانە لەفەرمانەکانی خوادا، ئەوەمن لەقورئانەوە ئایەتێکتان بۆ دەخوێنمەوە کەخوای گەورە حوکمیدا بەدەست پیاوانەوە لەنرخی چارەکە درهەمێکدا،خوای گەورە فەرمانی کردووە کەپیاوان حوکمی تێدا بدەن، خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ ﴾ [المائدة : ٩٥] .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! هەتا لەئیحرامدان هیچ جۆرە نێچیرێکی وشکانی مەکوژن، گۆشتی بخورێ، یانەخورێ هەرکەسێکتان بەدەست ئەنقەست کوشتیی

ولەئیحرامیشدا بوو، لەتۆڵەی ئەوەدادە بێ وێنەی نێچیرە کوژراوەکە لەمەڕ وبزن ووشترو گا کەفارەت بدات دووکەسی دادگەریشتان بڕیاری لەسەر بدەن وبڵێن: ئەمە بۆ کەفارەتی نێچیرە کوژراوەکە دەشێت،...

جامن سوێندتان دەدەم بەخوای گەورە ئایا حوکم کردنی پیاوان لەسەر کەروێشکێك یان هەرشتێکی ترلە ڕاو باشترە یان حوکم کردن لەخوێنی نێوان مسوڵمانان وئاشتی نێوانیان، خۆتانیش باش دەزانن ئەگەر خوای گەورە وویستی لێ بووایە ئەواحوکمی دەداو چی ترکارەکەی نەدەدا یەدەستی پیاوان؟

ووتیان: بێگومان ئەمە چاکترە.

هەروەها دەربارەی ئافرەت ومێردە کەی خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴾ [النساء/٣٥].

واته: خۆ ئەگەر ترستان لەپشێوی وناكۆكی ژن ومێرد هەبوو، دەتانزانی پێكەوە هەڵناكەن جا كەسێكی دادوەر لەخزم وبنەماڵەی مێردەكەو، دادوەرێكیش لەخزم وكەسوكاری ژنەكە بنێرن بۆ دۆزینەوەی هەڵەكانیان و،ئەوسا دانانی چارەسەرێك بەهەرجۆرێك كەئەوان بەچاكیان دەزانی ئەگەر هەردوو كڕازی بوون پێكبێنەوە ونیەتیان پاك بوو ئەوا خواش یەكیان ئەخات وپێكیان دێنێتەوە وپیرۆزی ئەخاتە كارەكانیانەوە.

جاسوێندتان دەدەم بەخوا ئایا حوكمی پیاوان ئاشتبونەوەی نێوانیان وپاراستنی خوێن ڕشتن چاكترە یان حوكم لەسەر كێشەی ئافرەتێك؟

ئایا وەڵامی ئەوپرسیارەم دایەوە وئێوەش ڕازیبوون؟

ووتیان : بەڵێ.

ووتم: سەبارەت بەقسەی دووەمتان کەدەڵێن: کووشتاری کردوو کەچ یئافرەتیانی بەجارییە نەبرد وغەنیمەت ودەسکەوتی نەبرد، من لێتان دەپرسم: ئایا دەتانەوێت عائیشەی دایکتان بکەن بەجارییەو ئەوەی کەبۆ ئافرەتانی تر حەڵاڵی دەکەن بۆ ئەویش حەڵاڵی بکەن؟ لەکاتێکدا ئەو دایکتانە؟!.

جا ئەگەر بڵێن: ئەوەی کە بۆ جگە لەو حەڵاڵی دەکەین بۆ ئەو یش حەڵاڵیدەکەین ئەوا بەدڵنیاییەوە کافردەبن، ئەگەر بڵێن: ئەو دایکی ئێمە نییە ئەوا دیسان کافر دەبن، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿ النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ ﴾ [الأحزاب/٦] .

واتە: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەبڕواداران لەخودی خۆیانیش لەپێشترە، لە هەموو کاروبارێکی دین

ودنیادا، وەهەرگیز پێی خۆش نەبووە موسڵمانان تووشی هیچ جۆرە بەڵا ونەهامەتێك ببن، هەمووکاتیش هەوڵیداوە بەرە وخێر وچاکە بچن وخۆی بەبرایان داناوە، دیارەکە دەبێ موسڵمانانیش هەر ئەو بڕیار وحوکمیان بۆبداو، هەر قسەی ئەویش ببیستن، وەك خۆی لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: من بەخودی موسڵمانانەوە لەخۆیان بۆ خۆیان نزیکترم، جاهەرکەسێ بەقەرزاری مرد، قەرزەکەی لەسەر منەو، من دەیبژێرم، هەرکەسێکیش مرد ومالۆسامانی لێ بەجێما، ئەوە بۆ میرات بەرانی خۆی دەبێت. ئەم فەرموودەیە باشترین بەڵگەو نیشانەی دڵسۆزی ئەو پێغەمبەرە (صلى اللەعلیە وسلم) نیشان دەدات بەرامبەر بەئوممەتەکەی [پێشەوا (ئەحمەد) و (ئەبووداود) ڕیوایەتیانکردووە]

وەژنەکانیشیدایکیانن ،پێویستە وەك دایکی خۆیان ڕێز وحورمەتیان لێ بنێن. واتە: لەڕێزگرتن وحەرامیی

مارەکردنیاندا وەك دایکیانن، بەڵام لەتەماشا کردن وخەڵوەتو.
.هتد دەبێ وەکژنانی تر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

جا ئێوە لە نێوان دوو گومڕاییدا دەسوڕێنەوە، بۆیە خۆتان دەرکەن لەونێوانە؟ ووتم: ئایاوەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە وئێوەش رازی بوون؟.

ووتیان: بەڵێ.

ووتم : سەبارەت بەقسەی سێیەمتان کەدەڵێن: ناوی خۆی لەئەمیر بیاوەڕداران سڕییەوە ئەوا من بەڵگەیەکتان بۆ دەهێنمەوە کەوا ڕازیتان بکات، وادەزانم هەمووتان ئەوە تان بیستووە کاتێك کە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) لەگەڵ بێ باوەڕاندا بەرێکەوتننامەی (الحدیبیە) ئاشتبوویەوە بەئیمامی علی فەرموو (خوای لێ رازی بێت) بنووسە ئەمە ئەو ڕێکەوتنەیە کەپێغەمبەری خوا(صلی اللە علیە وسلم)

(محمدرسول الله) لەسەری ڕێك کەوتووە بێباوەڕان ووتیان: نەخێر سوێند بەخوا ئێمە تۆ بەپێغەمبەر نازانین ووە ئەگەر بەپێغەمبەرت بزانین ئەوا هەرگیز کووشتارمان لەگەڵ نەدەکردی وگوێڕایەڵت دەبووین، بنووسە (محمدی کوڕی عبدالله)، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی ئەی علی بیسڕەوە وبنووسە ئەمە ئەو پەیمانەیەکە (محمدی کوڕی عبدالله) لەسەری ڕێك کەوتووە.

سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەعلی چاکترە لەکاتێکدا ئەو ناوی خۆی سڕییەوە، ئەو سڕینەوە لە پێغەمبەرایەتی نەیسڕییەوە، ئایا وەڵامی پرسیارەکانتان درایەوە؟ وەئێوەش ڕازی بوون؟

ووتیان بەڵێ.

بۆیە دوو هەزار کەسیان لێ گەڕایەوە ، ئەمجا هەموویان دەرچون ولەسەر گومڕایی خۆیان کووژران، بۆیە کۆچەران وپشتیوانان کووشتاریان کردن ئەویش لەپاش ئەوەی ئەوانەی کەمابوون لە(خەواریج) ـەکان لە (نهروان) کۆبوونەوە وسوپایەکی چەکداریان دروستکردوو دەستیان کرد بەزوڵم وڕێگرتن لەمسوڵمانان وخوێنڕشتنی خەڵك بەناهەق ،وەیەکەم تاوان کە ئەنجامیاندا ئەوەبوو کەیەکێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کەناوی (عبداللەی کوڕی خبابی کوڕی ئەرەت) بوو خۆیی وخێزانەکەی کە سکی هەبوو بەلایاند اتێپەڕی ،گرتیان خۆیی وژنەکەیان سەربڕیی وسکی ژنەکەیان سەربڕی [البدایەوالنهایە(٧ / ٢٨٨)] .

ئەم کارە ناڕەوایانە ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) ناچار کرد کە بەڕێ بکەوێ بۆ تەمێ کردنییان وەجێ بەجێکردنی حەدی شەرعی لەسەریان، کاتێك بە سوپاکەیەوە گەیشتنە

(نهروان) خۆیی و(أبو أیوبی أنصاری) بۆ ماوەیەکی زۆر ووتووێژی لەگەڵداکردن، بەڵام نەگەڕانەوە وسوودی نەبوو، پاش ئەوە ئەبو ئەیوب ئاڵایەکی بەرزکردە و ووتی: هەرکەس بێتەلای ئەم ئاڵایە دڵنیابێت هیچی لێناکەین بۆ کوێ دەڕوات بابڕاوت، ئێمە تەنها شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا دەکەین کەئەو تاوانەیانکردووە وخوێنی ناهەقیان ڕشتووە، بەمەش خەڵکێکی زۆر لەخەواریجەکان جیابوونەوەو تەنها هەزار کەسیان مایەوە، پاشان شەڕ دەستیپێکرد وهەرزوو خەواریجەکان شکان وبە شی زۆری سەرکردەکانیان کوژران.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە چەند فەرموودە یەکدا ئاماژەی بەسەر هەڵدانی کۆمەڵەی (خەواریج) کردووە وباسی سیفەتەکانی ئەوکۆمەڵەشی کردووە کەچۆن قورئان دەخوێنن بەڵام خوای گەورە لێیان قبوڵ ناکات،چونکە بەپێی ئارەزوی خۆیان ماناکەی لێك دەدەنەوە وچۆن لەفەرمانی

خەلیفە دەردەچن وچۆن خوێنی مسوڵمانان دەڕژن وفەرمانی بەکووشتنییان کردووەو کووشتنیشییان بەخێرێکی گەورەلە قەڵەمدەدات.

خوای گەورە هەموو لایەکمان لە فیتنە وگومانی لەم جۆرە بپارێزێت